# دەسەڵاتی خودی و ڕەخنەی ڕۆشنبیران...!

دارا مەحمود

لە گوتاری ڕەخنەیی ڕۆشنبیرانی کورد بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسی، تێکەڵ پێکەڵی و شپرزەییەکی زۆر هەیە. کە بەشێکی دەرئەنجامی سیاسەتێکی مەنهەجیانەی دەسەڵاتە کە بەردەوام کار بۆ لەباربردنی پەیامی ڕەخنەو بەتاڵکردنی ناوەرۆکەکەی و ئەگەر نەشکرا کڕین و دەمچەورکردنی ڕۆشنبیران دەبات. وبەشەکەی تریشی ئەنجامی ناپوختەیی هزری بەکۆمەڵ (دەستەجەمعی) ڕۆشنبیری کوردە.

مامەڵەکردنی ڕۆشنبیر لەگەڵ هەر دەسەڵاتیکی سیاسیدا لە سێ شێواز تێناپەڕێت کە زۆربەی جارەکان ئەمانە تێکەڵ یەك دەکرێن و یانیش بەهەڵە لە جیاتی یەکتر بەکاردێن. ئەم سێ شێوازانەش بریتین لە:

1- ڕەتکردنەوە: ڕەتکردنەوەی هەر دەسەڵاتێك بەواتای بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخاندن، لەناوبردن، و تەفروتوناکردنی...بۆنموونە: پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی بەعسی ڕووخاوو کورد، پەیوەندییەك بوو لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوە بەڕێوە دەچوو. واتا ئەو سیستەمە بوارێکی نەهێشتبۆوە تا مرۆڤی کورد بەدوای هەڵسەنگاندن و بەراووردکردنی باشی و خراپیداو یانیش بەگشتی دیالۆگدا بگەڕێت. ناواخنی دروشمی ئەو سیستەمە لەناوبردن بوو، کە کاردانەوەکەش بەهەمان شێواز بریتی بوو لەڕەتکردنەوە. واتا لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو سیستەمەدا بواری ڕەخنە لە ئارادا نەبوو.

2- ڕەخنەگرتن: پەیامی ڕەخنە ڕەتکردنەوە نییە. بەڵکو لەسەرجەمدا پەسەندکردنە بە هەبوونی سەرنجەوە.

3- بێدەنگبوون: یانیش ملکەچکردن بۆ دەسەڵات و خۆخستنە ژێر چەتری خواستەکانی ئەو دەسەڵاتە.

مەبەست لە ناو هێنانی چەمکی (دەسەڵاتی خودی) لەم باسەدا، دەسەڵاتی باشوری کوردستانە. کەقەوارەیەکی یاسایی خاوەن دامودەزگای دەوڵەتیە. ئەم دەسەڵاتە گەرچی بەڕواڵەت پەراوێزێکی بۆ ڕەخنە تەرخان کردووە، بەڵام لە پراکتیکدا ئەم پەراوێزە ڕووبەڕووی دیوارو تەلبەندی مەرج و هێڵی سوور دەبێتەوەو. زۆر ئاشکرا دیارە کە دەسەڵاتی حزبی و دەوڵەتی لە بناغەوە کەیفی بەڕەخنە نایەت و بە دەستێوەردان و دەستدرێژی و بێڕێزی و بێ یاسایی و تەنانەت جنێو، پاشانیش هەر بە رەتکردنەوەی وەردەگێرێت و لە ئاکامدا هەم دەسەڵات و هەم ڕۆشنبیر ڕەخنە دابەشدەکەن بۆ ڕەخنەی تێکدەرانەو بنیاتنەرانە.. لەحاڵێکدا ڕەخنە بەم شێوازە دابەشناکرێت. و ڕەخنە یان هەر لە بناغەوە ڕەخنە نییە. و یانیش هەمیشەو وەك پێویستییەك هەر ڕەخنەیەك بنیاتنەرانەیە. ڕاستە زۆر جار پەیامی ڕەخنە بەرژەوەندییەکانی تاك و گروپ دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام لە ئاکامدا ئەو تاك و گروپانە هەر کەمینەن و لەوان لەسەرتر پارتێك، سیستەمێك، دەوڵەتێك، نەتەوەیەك و یانیش بەهایەك هەیە، کە ڕەخنە بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەشکێتەوە.

ڕەخنە لەجیهانی سیاسەتدا بواری دیالۆگ و خستنە ڕووی ئەڵتەرناتیڤی جیاواز لەڕەفتارو گوفتاردا دەهێنێتە ئاراوەو بێگومان مەرجیش نییە ڕەخنەگر هەمیشە ڕاست بپێکێت. بەڵام ئەمە نەگرنگەو نەگرفتێکیشە. چونکە ڕاستی و درووستی و ڕاست پێکان، لە سەرجەمدا دەردەکەوێ نەك لە ئەنجامی کاری تاکدا.

دەسەڵاتی خودیی لەڕێگای دامودەزگاکانییەوە هەمیشە بەگوێی خەڵکی هەڵدێنێت، بەتایبەتی لەکاتی سەرکەوتنەکاندا کە لەبری ڕەخنە ستایش بکەن. یانیش چاوەڕێن ڕۆژگارێك لەگەڵ سەرکەوتنی زۆرترو دەستکەوتی سیاسی پتر ئیتر ڕەخنەکانیش کۆتاییان بێت. و ئەم پەیامە دەگەیەنن کە: (لەمە زۆرتر چیتان دەوێت..؟). لەحاڵێکدا ڕەخنە هیچکات کۆتایی نایەت و ئەرکی ڕەخنە تەنیا کاتێك دەگاتە کۆتایی کە مرۆڤەکان و ڕەفتارو گوفتاریان ئیتر لەهەموو ڕوویەکەوەو بەشێوەیەکی ڕەها تۆکمەو تەواو بن کە ئەمەش مەحاڵە. چونکە مرۆڤ گەر بگاتە لوتکەی تۆکمەیی ئیتر ئەوە مرۆڤ نییەو خوایە.

هەر چۆن شێوازی پەیوەندییەکانی ڕۆشنبیرو دەسەڵاتمان بەسەر سێ شێوازدا دابەشکرد کە ڕەخنە یەکێکیانە. لە ناو ڕەخنەگرانی سیاسیشدا سێ شێوازی بۆچوون و مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی خودیدا هەیە: یەکەمیان ئەوەی کە ڕەخنەگر هەمیشە دەبێ نێگەتیفانە هەر دەسەڵاتێك (خودی یان بێگانە) هەڵسەنگێنێ و هیچکات بەلای ستایشدا نەڕواو وەك بەرەیەکی بەرهەڵستکار خۆی بنوێنێت. دووەم: ئەوەی کە ڕەخنەگر جۆرێك دەسەڵات هەڵسەنگێنێت کە هاوکات لەگەڵ ژماردنی لایەنە خراپ و نیگەتیفەکاندا لایەنە باش و پۆزەتیفەکانیش نیشان بدات. سێیەم: ئەوەی ڕەخنەگر نابێ ڕەخنە لەدەسەڵاتی خودی بگرێت. چونکە ئەمە بە قازانجی لایەنەدەرەکییەکان دەشکێتەوەو ئەگەر بەناچاری هەشبێت دەبێ لەچوارچێوەیەکدا بێت کە دەسەڵات خۆی دەستنیشانی دەکات.

ئەگەر سەرەتا لەدیدی سێهەمەوە دەستپێبکەین و شرۆڤەی بکەین. دەبێ بڵێین ئەم دەستەیە ڕۆشنبیری حزبی و کارمەندو موچەخۆران دەگرێتەوە کە ژیان و گوزەرانییان پابەندی ئەم شێوازی کارکردنەیەو دەشکرێ ئەو ڕۆشنبیرە، خۆبەخشانەو لە ڕووی باوەڕەوە ئەم کارە بکات. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەمەیە کە ئەم شێوازی ڕەخنەگرتنە نەکاریگەرییەکی هەیەو نە هەرلەبناغەشدا دەکەوێتە خانەی ڕەخنەوە. ئیتر چ ناوێکی تری لێ دەنێین ئەوە هیچ گرنگ نییە. و کارە ڕەخنەییەکانی ئەم دەستەیەش هەمیشە لە ڕووی ڕاستگۆیی ومتمانەوە جێگای گومانن و ڕووبەڕووی نیشانەی پرسیار دەبنەوە.

دەستەی دووەم. واتا لایەنگرانی ژماردنی باشی و خراپی، ڕاست و هەڵە، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ... ژماردنی باشی و خراپی و پێوانیان بەدووتای تەرازوویەك، لە ڕاستیدا کرۆکەکەی، لەناوبردنی ڕەخنەیەو ئەو پەیامەی لەخۆی گرتووە کە: (تۆ چی دەڵێی بڵێ بەڵام لەسەرجەمدا ئەوەی دەیڵێی دەبێ لەخزمەتی مندا بێت.!!). و بۆ کاریکی ئاواش زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ لە هەرکەس و تەنانەت لە ڕێبوارانی سەرجادەش بپرسیت تا باشی و خراپیەکانی کەسێك، لایەنێك، ڕەفتارێك، یانیش گوفتارێك...بژمێرێت. لایەنگرانی ئەم دیدەش پتر کەسانێکن لاقێکیان لەناو دەسەڵاتداو لاقەکەی تریشیان لەناو ڕۆشنبیراندایە. کە دەخوازن ڕەخنەبگرن و حسابی ئەوەش بکەن دڵی کەسیان لێ نەڕەنجێ. یاخود پردەکانی پشت سەری خۆیان نەڕوخێنن. و لەقە لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەدەن. یانیش مەرج نییە بەمجۆرە بێت، بەڵکو هەر لە بناغەوە ڕەخنە واتایەکی تری لای ئەم دەستەیە هەیە و لەڕووی باوەڕەوە دەیکەنە مێتۆدی کاری ڕەخنەیی. هەڵبژاردنی کارێکی واش حەرام نییە. و هەرکەس بەخواستی خۆی دەتوانێ لەدیدێکی ئاواوە بڕوانێتە شتەکان و ڕەنگە هەرهەمووەمان کەم تا زۆر شتەکان بەمجۆرە، واتا ژماردنی باشی و خراپیەکانی هەڵسەنگێنین. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەمەیە کە چما ناوی بنێین ڕەخنە و یان تەنانەت چالاکیەکی هزریش.؟

بەڵام دەستەی یەکەم، تێڕوانینەکانی ڕەخنەگر لەبەرانبەر دەسەڵاتدا بەشێوەیەك دەستپێدەکات کە بۆ لایەنە لاوازەکان، تێڕوانینە هەڵەکان(لەدیدی ڕەخنەگرەوە)، مەبەستە شاردراوەکان، فاکتەرەکاریگەرەکان، ئایندە مەترسیدارەکان، پێشێلکارییەکان...ڕاستەوڕاست و بێ پێچوپەنا دەربرێت. واتا لەسەرەتاوە بە دیدێکی نێگەتیڤانە بکەوێتە هەڵسەنگاندن. ئەمەیە کە لێووردبوونەوەی وردو دیتنەوەی ئەو خاڵانەی گەرەکە کە لە میانیەوە بتوانرێ بەخوێنەر یان بیسەرو یانیش بەگشتی (وەرگر)ی بسەلمێنیت . جێگای سەرنجیشە کە ڕەخنە هەمیشە لەبەرگێکی نیگەتیفانەدا خۆی دەنوێنێت. بەڵام پەیامەکەی، وەك پێویستییەك هەمیشە پۆزەتیڤە. ڕەخنە چەندە توند بێت هەرگیز ناتوانێت هێندەی ستایش زیانبەخش بەخودی دەسەڵات بێت. چونکە ستایشە وا لە دەسەڵاتدار دەکات عاشقی بەژن و باڵاو عەقڵ و تواناکانی خۆی بێت. و جێگای سەر سوڕمانە چۆن دەسەڵاتدارێك ڕێگادەدات هێندەی پێداهەڵبڵێن و لەبەر پێیدا کڕنۆش ببەن..! لەحاڵێکدا چەندان نموونەی لەودیکتاتۆرانە دیتوە کە چۆن ملیۆنانی خەڵك وێنەکانیان بەرزدەکەنەوەو دەیکەنە مێدالیا بەسنگیانەوەو سرودو شیعریان بەسەردا دەڵێن. کەچی عەرش و دەورانیان لەچاوتروکانێکدا بەسەریەکدا دەرمێ و لەچەند لاپەڕەی ڕەشی دیرۆك بەولاوە شتێك لەپاش خۆیان جێناهێڵن..؟

ڕەخنەگر لەنێوان دەسەڵات و (خەڵك)دا هەمیشە لەبەرەی خەڵکدایە. وپەیوەندی ڕەخنەگر بەدەسەڵاتەوە تا ڕادەیەك لە پەیوەندی نێوان داواکاری گشتی و پارێزەر دەچێت لە دادگا. خۆئەگەر بۆ نموونە مژاری باس بە دۆزێکی دادوەری بچوێنین. ئەوە دەسەڵات ڕۆڵی داواکاری گشتی و ڕەخنەگریش ڕوڵی پارێزەر دەگێڕێت، و چۆن مەبەستی کۆتایی لەگفتوگۆو کێشەو ململانێی نێوان داواکاری گشتی و پارێزەر عەدالەتە. پەیامی گشتی کێشەی نێوان دەسەڵات و ڕەخنەگریش دیتنەوەی چاکترین ڕێگاو گۆڕینی حاڵەتی ناتۆکمەیی بۆ تۆکمەیی، و تۆکمەییش بۆ تۆکمەییەکی باڵاترە.

ڕەخنە لە بناغەوە کارێکی مەعریفییە. مەبەستیشمان ئەمەیە کە پشت بەو بنەمایانە دەبەستێت کە لە ئاستێکی باڵای سەلمندن و بەئەزموون ڕەتبووندان و توانای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو شیکردنەوە دەهێننە ئاراوە.

کاتێك پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر ڕەخنە بێت بەو واتایەیە کە ئەو دەسەڵاتە ڕەتنەکراوەتەوە. پەیوەندی هەنووکەیی ڕۆشنبیری کورد بەدەسەڵاتی یاسایی باشوری کوردستانەوە بەگشتی بەم شێوازەیە. گەرچی حاڵەتی ڕەتکردنەوەو بایکۆتکردی ئەم دەسەڵاتەش لێرو لەوێ بەرچاودەکەوێت و هەبوونی هەیە. بەڵام حاڵەتێکی زاڵ نییە. ئەوەی لێرەدا بۆتە گرفت، تێکەڵ بوون یان تێکەڵکردنی ئەم دوو حاڵەتەیە. کەپترى لەلایەن دەسەڵاتەوە دێت. ئەمەش لەبەر لاوازیی هزری سیاسی و چوارچێوەداربوون و گۆشەگیرکردنی ئەو هزرە بە سیاسەت و بەرژەوەندییە ئانی و بەپەلەکانەوە. ئەوەی لەلایەنی ڕۆشنبیرانیشەوە لەدەرەوەی پرێنسیپە گشتییەکانی ڕەخنەدایە، ئەمەیە کە کۆنەڤین، تۆڵەسەندنەوە، بەرژەوەندی تاکی ڕەخنەگر، جیاوازی ئایدیولوژیك...تێکەڵی ڕەخنە دەکرێت و سەرلێشواندن دەهێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە: لە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجێك یان پرۆسەیەکی سیاسی هەنووکەییدا کە پەیوەندی بە پارتەسیاسیەکان یان پارتێکی سیاسی دیاریکراوەوە هەیە، چ حیکمەتێك لەپشت هەڵسەنگاندنێکی دیرۆکی ئەو پارتەوە هەیە.؟ بابۆنموونەو ڕوونتر بڵێین: لەهەڵسەنگاندنی سیساسەتی ئەمڕۆیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستاندا، چاك یان خراپ بۆ دەبێ لاپەڕەکانی ساڵی 1966 هەڵدەینەوەو لەمەوە چی بەدەست دەخەین.؟ هەروا یان لە هەڵسەنگاندنی پارتی

دیموکراتی کوردستان و لەپەیوەندی لەگەڵ پرۆسەی سیاسی ئێستادا بۆ دەبێ باس لە ئاشبەتاڵ و 31 ئابی 1996 بکرێت..؟ چوونە ناو دیرۆکی پارتێك یان پارتەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەش و سپییەکانیان حەرم نین. بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە بەچ ئامانج و مەبەستێکەو چ سوودێکی لەپشتەوەیەوەو پەیامی کۆتایی چییە..؟ ئەگەر مەبەست نووسینەوەی دیرۆکی سیاسی ئەو پارتە یان بزووتنەوەی سیاسی کوردە کارێکی شیاوەو لەجێگای خۆیدایە. و ئەگەرنا چوونە ناو بازاڕی گەرموگوڕی گەمەو ململانێ سیاسیەکانە و لەوێدا نەباس لە دیرۆکەو نەلە باشی و خراپی و نەڕەخنەشە. بەڵکو بەشێکە لە چالاکیەکی سیاسی و پڕوپاگەندەی حزبی کە مەبەست هەرچی زۆرتری دەستکەوتی حزبییە. کە دیسان ئەمەشیان حەرام نییەو کارێکە بەدرێژایی ژیانی پارتایەتی و بەتایبەتی لەسەروبەندی بەلوتکەگەیشتنی ململانێکانی وەك بۆ نموونە هەڵبژاردندا لایەنەکان پەنای بۆدەبەن. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە ڕەخنەگر چ کاری بەم کارە داوە. ڕەخنەگر کاتێك خۆی هاویشتە ناو ئەو کێشە تایبەتیانەوە ئیتر ڕەخنەگر نییە. و کارەکەشی ناچێتە خانەی ڕۆشنبیرییەوە بەڵکو زوڕناو دەهۆڵی پارتەو لە ئەندامەکانی خۆی چالاکانەتر سودی پێ دەبەخشێت.

چەندە سەرم سووڕدەمێنێ کە (بەناو) ئەویندارانی مەلامستەفای نەمر بەخۆنازانن چی بەو سەرکردە دیرۆکییە دەکەن و چۆن لەبەرچاوی خەڵکی دەخەن..!

نەمر مەلا مستەفا کە نکوڵی لە ڕۆڵی کاریگەرو دیرۆکیی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناکرێ (کارم بەونەیارانە نەداوە کە لە سۆنگەی ململانێی پارتایەتییەوە هەڵێدەسەنگێنن) شایستەی ئەوەیە  پەیکەری بۆ درووست بکرێت و زانستگاو قوتابخانەو شەقام و شارو گوندی بەناوبکرێتەوەو فیلم و ڕۆمانی لەسەر چابکرێت و بنوسرێت. و ژیاننامەکەی و بیرەوەرییەکانی لەزاری ئەوکەسانەی لەنزیکەوە لەگەڵی بوون بنوسرێتەوە...بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا سەرکردەیەك بوو لەهەلومەرجی خۆیدا بەبوونی هەڵەوە وەك هەرمرۆڤ و سەرکردەیەك ڕۆڵی خۆی بە لێوەشاوەیی دیت و کۆچی کرد. ئەمە واقیعێکەو لەمەبەولاوە هەر ڕازاندنەوەو شانوباڵ بۆدرووستکردنێکی تر دارێك ناخاتە سەر بەردێك.

ئایا قوتابیانی بارزانی کە پتریان نانخۆری ئەم کارەیانن، لەگەرمەی مەستبوونی پێداهەڵدانەکانیاندا قەت ئاگایان لەوەیە لەوەڵامی پێوەلکاندنی ڕێبازی بارزانی بەهونەرو ئەدەبیات و وەرزش و ماڤی ژن و زانست و سروشت و ژینگەو پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و مارەیی و تەڵاق و ڕاوەکەوو سەیران و... هەموو شتێکەوە لەجیاتی خۆشەویستکردنی لەبەرچاوی خەڵکی دەخەن..؟ یان بەهەبوون و نەبوونی بۆنەوە خەڵکانێکی شایەستەو ناشایستە دەبەنە سەر مەزارەکەی. ئایا مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤی مەزن و ڕێزلێنان لەسەرکردە بەم شێوازە دەبێت..؟ ناکرێ ئەم میراتگرانە.!! ئاگایان لەوە نەبێت کاردانەوەی خەڵکی لەسەر ئەم ڕەفتارە لەبری ڕێزلێنان، نوکتە لەسەر چاککردنە...بەڵام بۆخۆ خەڵەتاندن و خۆقووتارکردن لەوەڵامی وەها پرسێکدا زۆر بەئاسانی خۆ لەژێرباری بەرپرسیارێتی دەربازدەکەن بەوەی ئەم جۆرە ڕەخنانە کاری ناحەزان و خائینان و خۆفرۆشان و ترسنۆکان و (لە باشترین حاڵەتیشدا) گەمژەو نەزانانە...

لەسەردەمی شکەستی کۆمونیزم و لەناو دڵی سەرمایەداریدا کچان و کوڕانی لاو لەئەوروپا وێنەکانی گیڤارا لەسەرتیشێرت و کڵاوەکانیان چاپدەکەن. ئەمە لەحاڵێکدا نەکەس بۆکارێکی وا هانیاندەدات و نەکەسیش ڕێگایان لێدەگرێت. خۆشەویستی سەرکردە، یان هەر مرۆڤێك دەبێ ئاوا سروشتی بەدەست بێت. نەك بەدروستکردنی خەرمانەیەك لەهەڵم کە پەیوەستەی کەش و هەوابێت.

له گۆڕەپانی ڕەخنەگرتندا گەرچی کۆمەڵە پرێنسیپێك هەن كە ڕەخنەگر دەبێ لەبەرچاویان بگرێ وەك بۆنموونە: تێكەڵنەكردنی شتەلاوەكییەكانی دەرەوەی مژاری ڕەخنە، ڕێزلێنان لە ناوهێنانداو نیشاندان و سەلماندنی ئەوەی مەبەستێكی شەخسی لەپشت مژاری ڕەخنەوە نییە. و بابەتەكە سەرتاپا گشتییەو لە سەرووی پەیوەندی و كێشە تایبەتییەكانی نێوان تاكی ڕەخنەگرو لایەنی ڕەخنە لێگیراودایە. و ڕۆشنبیر كە بواری ڕەخنە بۆ دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتدا هەڵدەبژێرێت، ئیتر نوێنەرایەتی خۆی ناكات و بەزمانی كۆمەڵ دەپەیڤێت. بەڵام ئاستی ئەو نوێنەرایەتیكردنە، كە مۆركێكی یاسایی نییە تەنیا لەو سنورەدا سەقامگیر دەبێت كە باس لەمژارو بەرژەوەندییە گشتییەكان بكات. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا جارهەیە ڕەخنە لەچوارچێوەی ئەم پرێنسیپانەوە دەربازی جیهانێكی كراوەتر دەبێت كە جیهانی ساتیرە.

ساتیر بەهەموو شێوەكانییەوە.( كاریكاتێر، سكێچ، چیرۆك، شیعر، فیلم،...) ئاسانتر ئاوێتەی هزرو هەستی خوێنەرو بیسەر یان بینەر دەبێت. چونكە زمانەكەی گەرچی گەلێك جاران زبرو نەپۆڕە، بەڵام لەهەمانكاتدا لەقاڵبی جەفەنگ و شۆخیدا مشتومالْ دەدرێتەوەو مرۆڤ وەپێكەنین دەهێنێت. پەنا بردن بۆساتیر، و تەنانەت جنێو، پتر لەو كاتانەدا دەبن كە زمانی ئاسایی و سەنگینی و ڕێزلێنان كاریگەریی خۆیان لەدەستدەدەن.

ڕەخنەگرێك كە ڕووبەڕووی قەیران یان هەلومەرجێكی دژواردەبێتەوەو فاكتەرو كەسایەتییەكانی خوڵقێنەری ئەو قەیران و هەلومەرجە دژوارە ناسدەكات و كات هێندە لەبەردەستدا نییە بەزمانی ئارام و جدی بپەیڤێت و گەرەكییەتی هەرچی زووترو كاریگەرانەتر پەیامەگەی بگەیەنێ پەنا دەباتە بەر ساتیر.

ئیتر ئەوەی دەسەڵات لێیدەترسێ كاتێك دەبێتە واقیعێك وبەدیدێت كە قەدەغەكارییەكان پتربن و بوار بۆ زمان و ئاخاوتنی ئاسایی نەمێنێتەوە.

لەسەردەمی شەڕی ناوخۆیی ناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو لە باشووری كوردستان، ڕۆشنبیری كورد شتێك نەمابوو نەیڵێ و پەنای بۆ نەبا. بۆیە كاتێك زمانی ئاسایی كاریگەرییەكانی خۆیان لەدەستدا.، زمانی ساتیرو تەنانەت شەپۆلی جنێوو قسەی بازاڕیی كەوتنە ناو نووسین و بابەتە ڕەخنەییەكانەوەو ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی توڕەیی و تەنانەت بێهیوایی پێوە دیاربوو. بەڵام بەهێوربوونەوەی دۆخەكەو تا ڕادەیەك ڕەوینەوەی تەمی گرژی، ڕەخنەكانیش جارێكی تر هاتنەوە سەر هێڵی شایستەی خۆیان و پەنایان بۆ زمانی ئاسایی بردەوە.

گەرچی زۆربەی هەرەزۆری جارەكان دەسەڵات وا لەڕەخنەگر دەكات پەنا بۆ زمانی ساتیر و گاڵتەپێكردن و جنێو ببات. بەڵام هەندێك جاریش ڕەخنەگرانی ناشی و كەمئەزموون، لەوانەی تازە دەستیان قەڵەمی ڕەخنەی گرتووە و بەلاساییكردنەوەی ڕەخنەگرە سەركەوتووەكان، پەنا بۆ جنێوو زمانی بازاڕی دەبەن. بەڵام ئامانج ناپێكن و بێ هەبوونی هیچ كاریگەرییەك خوێنەر بەسەریاندا تێدەپەڕێت. هەروا ئەو دەربڕینانەش كە بەرژەوەندییەكی سیاسی بچوك لە پشتیانەوەیە ڕەخنە بەرەو ڕێچكەیەكی چەوت و نابابەتیانە پەلكێش دەكەن و سەرئەنجامیش لەبری خوڵقاندنی كەش و هەوایەكی هێمنانە بۆ دیالۆگ و ڕەخنە. قەیرانی پەیوەندییەكان و گرژی دەهێننە ئاراوە.

لایەنێكی كاریگەر لەسەر شێوازی ڕەخنە، بەتایبەتی ساتیر كەناكرێ پشتگوێی بخەین، كولتوورە.

زۆرجار ڕۆشنبیری كورد بەلاساییكردنەوە لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا، هەموو سنوورەكان دەربازدەكات و ئەوەی بەبیری داهات یان پێیوابوو شتێكی نوێی گوتووە دەیبێژێ. كە لەبری كاریگەریی ڕەخنەیی دەبێتە هۆی

بریندارکردنی بەرانبەرو لەبری کردنەوەی دەرگای دیالۆگ پتر لەجاری شەڕو سەنگەر لەیەکتر گرتن دەچێت و لەئەنجامدا بەرەتکردنەوەی یەکتر و پچڕاندنی پەتی پەیوەندییە هزرییەکان کۆتایی دێت.
ڕەخنەگر ناکرێ و ناشێ هەروا بەپەلە ئەو مامەڵەیە لەگەڵ دەسەڵاتی خودیدا بکات کە رۆشنبیرێکی رۆژئاوایی لەگەڵ دەسەڵاتەکەیدا دەیکات. لەرۆژئاوا هەموو دەرگایەك بەشێوەیەکی ڕەها لەبەردەمی ڕەخنەدا ئاواڵەیە.و تاکە شتێك کە رێگای پێنادرێ توندوتیژییە. بەڵام لەلای ئێمە بەدەمانچەوە هەڵکوتییە سەر سەرکردەیەکی سیاسی سەدان جار پێی باشترە لەوەی بۆ نموونە ناوی کچەکەی یان هاوسەرەکەی بهێنی.
لەوڵاتی هۆڵەنداو لەدوایین هەڵبژاردنەکاندا کە ساڵی 2002 بەڕێوەچوو و لەئەنجامدا پارتە ڕاسترەوەکان بەسەرکردایەتی پارتی دیموکرات مەسیح هەڵبژاردنیان بردەوە. سەرۆکی ئەم پارتە (یان پیتر باڵکنیندە) یەك لەو سیاسەتمەدارە موحافەزەکارانەیە کە بەدگمەن هۆڵەنداو تەنانەت ئەوروپاش بەخۆیەوە دیتووە. و هەرلەگەڵ بوونی بەسەرەك وەزیران، پێشنیاز برپارێکی پێشکەش بە پەرلەمان کرد کە ساتیر بەهەموو جۆرەکانییەوە دژی خانەوادەی شاژن (بیاترێکس) قەدەغەبکرێت. ئەمەش گوایە بۆ پاراستنی نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگا. و بۆ ئەوەش کە سیستەمی پاشایەتی دەستوریی لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین نەبێت. بەڵام یەکەمین کاردانەوەیەکی توند بەرانبەر بەم پێشنیازە لەلایەن خودی خانەوادەی شاژنەوە هات. کە ساتیر هەرگیز نابێت قەدەغەبکرێت چونکە یەکێکە لە سیماکانی ئازادی و دیموکراسی و هیچکاتیش بەبیریاندا نایەت کە بەهۆی ساتیرەوە لەبەرچاوی خەڵکی دەکەون. وهەروا لەئەنجامی ئانکێتێکیشەوە کەهەر بۆهەمان مەبەست سازکرابوو 95٪ی بەشداربووانی ئانکێتەکە دەڵێن کە هەرگیز شاژن و خانەوادەکەی و سیستەمی پاشایەتیان بەهۆی ساتیرەوە لەبەرچاوناکەوێت. ئەمە لەحاڵێکدا ساتیری وا لەسەر خانەوادەی شاژن و خودی سەرەك وەزیرانیش چاك دەکەن، کە ئێمەمانان بەسەیرکردنی شەرم داماندەگرێت و خۆ شتێکی وا لەسەر کەسایەتییەکی کورد چاك بکرێت ئەگەر هیچی لەگەڵ ساتیرساز پێ نەکرێت ئەوە ڕەنگە خۆی بکوژێت.
لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا مامەڵەی ڕۆشنبیری کورد لەگەڵ دەسەڵاتی خودیدا تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتەخودییە، گوێڕایەڵانە، یانیش هێشتا هەر یاخیبووانە دەبێت..؟ و ئایا دەکرێ حاڵەتێکی وا بێتە پێش کە ئەو دەسەڵاتە خودییە بگاتە ئاستی ڕەتکردنەوە..؟
گومان لەوەدا نییە کە دەسەڵاتی خودی کورد کە لەباشووری کوردستان فەرمانڕەوایی دەکات شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق و ڕژێمەداگیرکەرەکانی تری کوردستان نییە. چونکە کێشەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی دەرەوەی خۆیدا لەسەر سڕینەوەو نەسڕینەوەی ناسنامە، نکوڵیکردن و قبوڵکردن، هەبوون ونەبوون، و بەواتایەکی تریش مەرگ و ژیانە. ئەمەش چ وەك تاکی مرۆڤ و چ وەك نەتەوەش. بەڵام لەگەڵ دەسەڵاتی خودی پرسەکە خاوەنی دوو تەوەرە یەکەمیان: پابەندبوون و نەبوونە بەدیموکراسیەوە و دووەمیش لە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، وەڵامدانەوەی خواستە چارەنووسیازەکانییەتی. و بە بڕوای من دەسەڵاتی خودی لەحاڵەتی ئەوڕۆی خۆیدا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی شیاوی ڕەتکردنەوەبێت و هەمووانیسش ئەو هیوایە دەخوازن هیچ کات نەگاتە ئەو ئاستەو کەشوهەوایەکی دیموکراسیانەی وابێتە ئاراوە کەتەواوی گرفت و کێشە بچوك و گەورەکان هەر لەو چوارچێوەیەدا چارەسەر بکرێن. و ڕەتکردنەوەکان ئاراستەی ڕەفتارێك و سیاسەتێك و کەسایەتییەك و هەڵەیەك بن نەك تەواوی دەسەڵات. بەڵام تا ئەوەی هاتنە کایەی وەها کەشوهەوایەك

دەسەڵێت و تا حزب هەوڵبدات ئەنجامی هاوکێشەکان بۆ بەرژەوەندی بچوك بشکێنێتەوە و تاك کۆنترۆڵی ڕەهای دەسەڵاتی لەدەستدا بێت، و گەندەڵی وەکو کرم جەستەی کۆمەڵگا بخوات.. ئەگەری ڕەتکردنەوە هەردەمێنێت.

خەباتی گەلان تەنیا بۆ ئەوە نییە نەکوژرێن و برسی نەبن. گەرچی دەکرێ ئەمانە لەسەردەمی خۆیاندا خواستی پلەیەك بن، بەڵام خواستەکانی مرۆڤ لەهەلومەرجی ئاسایش و گەشەسەندنی ئابووریشدا تەواو نابن و ڕەهەندی تر بەخۆوە دەگرن. بۆ نموونە: ئاستی ئازادییەکان، یەکسانیی، ململانێ چینایەتییەکان، چۆنییەتی دابەشکردن و بەکارهێنانی سامانی نەتەوەیی، ماف و ئازادییەکانی ژن، پەروەردەو فێربوون، دڵنیایی تاك لەچارەنووسی خۆی، ئاسۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی و ڕۆڵی مەزهەب لە سەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکان، فرەیی و بوارەکانی بەردەم کەمینە...هتد ئەمانەش گشتیان ئەو شتانەن پەیوەستەی ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندی حزبی و چینایەتی و دیدی جۆراوجۆرن. کەواتە هەمیشە سەرچاوەی کێشەو ململانێن و بەواتایەکی تریش هەمیشە گۆڕەپانی ڕەخنەن.

ڕەخنەگر مرۆڤێکی یاخییەو هیچکات نابێتە کەسایەتییەکی گوێڕایەڵ. بەڵام مرۆڤێك نییە کە سەری بۆ گێچەڵان بخورێت. وەهەر بەکەیف شەڕبفرۆشێت. مرۆڤێك نییە کە پێشوەخت بڕیاری دابێت بە هەموو باشێکیش هەر بڵێت خراپ. بەڵام کاری بەوەدا نەداوە باشیەکان بژمێرێت. ئەمە نەکاری ڕۆشنبیرەو ناکاری ڕەخنەشە. لەجیهانی سیاسەتدا بازاڕی ستایش و کڕنۆشبردن هەمیشە گەرمە. بەڵام ستایش نەداهێنانێکی گەرەکەو نە خستنەگەڕی هزر. بەڵکو کاری ستایش بەیەك چەپڵەو دەستخۆشیکردنێك دەبڕێتەوەو هیچ پێویست بەحیکایەت و سەرهێشاندن ناکات.